IPSWICH BOROUGH COUNCIL

IPSWICH FIT

# سیاسەتی چوونەژوورەوە بۆ کراون پووڵز و فۆر ستریت

## سەرپەرشتیکردن و تەمەن

- کەسێکی گەورەی تەمەن 16 ساڵ بەرەوسەر دەبێت هاوڵێی منداڵی خوار تەمەن 8 ساڵ بکات لە هەموو بەشەکانی بینانە و لە ناو ئاوەکە لە هەموو کاتێکدا.
- یەک کەسی گەورە لەیەک کاتدا تەنها دەبێت سەرپەرشتیی دوو کەسی خوار 8 ساڵان بکات لە ئاوەکەدا.

## جلوبەرگ و جلوبەرگی مەلەوانی

هەموو ئەوانەی سەردانی باڵەخانەی ناوەندی کاتبەسەربردن دەکەن دەبێت جلوبەرگی گونجاو لەبەر بکەن. لە کاتی بەکارهێنانی مەلەوانگە، دەبێت هەمووان جلوبەرگی مەلەوانی لەبەر بکەن. جلوبەرگی مەلەوانی ئەمانە دەگرێتەوە:

شۆرتی مەلەوانی، شۆرتی مەلەوانیی تەسک (ئەوانیش تا ئەژنۆ درێژن)، کەلوپەلی مەلەوانی، قاتی مەلەوانی، مەلەوانەی، بیکینی، تانکین، بورکینس، حیجابی مەلەوانەی (یان جلوبەرگی مەلەوانیی دیکە).

لە هەندێک بارودۆخی گونجاودا، تیشێرتی تەسکی داخراو ڕەنگە لەگەڵ جلوبەرگی مەلەوانی لەبەر بکرێت ئەویش بە ڕەزامەندیی سەرپەرشتیاری مەلەوانگە.

ئەو جلوبەرگەی لە دەرەوە لەبەرکراوە لە هیچ کام لە مەلەوانگەکان ڕێگەپێدراو نیە.

## فۆتۆگرافی

لە هیچ شوێنێکی ژووی خۆگۆڕین فۆتۆگرافی ڕێگەپێدراو نیە. هەروەها لە باڵەکۆنیەکانەوە فۆتۆگرافی ڕێگەپێدراو نیە. فۆتۆگرافیی ژێر ئاو لە هیچ لە مەلەوانگەکانمان ڕێگەپێدراو نیە.

هەر فۆتۆگرافییەکی قەراخی مەلەوانگەکان دەبێت پێش گرتنیان لە لایەن سەرپەرشتیاری مەلەوانگە ڕێگەیان پێدرابێت.

## ڕێنماییەکانی ستاف

هەموو کەسێک کە شوێنەکانی کراون پووڵز ئاند فۆر ستریت بەکاردەهێنێت دەبێت هەموو کات ڕێنماییەکانی ستاف جێبەجێ بکەن. ڕێنماییەکان بۆ ئەوەن لە سەلامەتیی خۆت و سەلامەتیی چواردەورەکەت دڵنیابینەوە. جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکان ڕەنگە ببێتە هۆی دەرکردنت لە شوێنەکە.

## سووکایەتیی زارەکە و جەستەیی

ئەنجوومەنی ئیپسویچ بەرە بڕوای وایە هەموو کەسێک لە کۆمیونیتیەکە مافی ئەوەی هەیە بە شکۆ و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، وە گێچەڵکردن و سووکایەتی بە ستافەکەی، کاونسڵەرەکانی یان هەریەک لە کڕیاران یان هەر کەسێکی دیکە بەتەواوەتی قبوڵنەکراوە و چاوی لێ ناپۆشرێت. ڕەنگە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکرێت و ڕێکاری یاسایی لەدژ بگیرێتە بەر.

## دەرکردن لە شوێنەکە/بانکردن

لە حاڵەتێکدا بەکارهێنەر پابەندی بەند و مەرجەکان نەبێت کە لە سیاسەتی چوونەژوورەوە یان یاسای ڕەوشتی ئەنجوومەن باسکراون سەبارەت بە مەلەوانگەکان، ئەنجوومەنەکە ئەو مافە بۆ خۆی گلدەداتەوە لە هەر کاتێکدا: (a) بەکارهێنەر لە مەلەوانگە و/یان ناوەندی کاتبەسەربردن دەربکات، و/یان (b) بەکارهێنەر بان بکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نەتوانێت مەلەوانگە و/یان سەنتەرەکانی کاتبەسەربردن بەکاربهێنێت تا ئەو کاتەی ئەنجومەنەکە بە ڕەزامەندیی تاکلایەنەی خۆی بە گونجاوی دەزانێت.

## سنووردارىی بەرپرسیارێتیی

ئەنجوومەن (مەگەر یاسای ڕێگریی لێ بکات) هیچ بەرپرسیارێتیەک بۆ هەر لەدەستدان یان زیانگەیشتن قبوڵ ناکات کە بەر هەر بەکارهێنەر یان کەلوپەلێکی ئەوان بکەوێت لە ئەنجامی بەکارهێنانی مەلەوانگە یان سەنتەری کاتبەسەربردنی ئەنجوومەنەکە.